## یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ١٩٩٣ی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٥**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠١/٦/٦**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، لەسەر داواکردنی وەزیری ناوخۆو ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران وئەو یاسارکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە(١٢)ی رۆژی (٢٠٠١/٦/٥)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

### یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٠١
### یاسای سێیەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی ١٩٩٣ی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

بەڕێوەبەرییەکی گشتی نوێ بەناوی(بەڕێوەبەریی گشتیی پۆلیسی هاتوچۆ)سەر بەوەزارەتی ناوخۆ دادەمەزرێ، بەڕێوەبەرێکی گشتی سەرۆکایەتیی دەکا روتبەکەی لە روتبەی عەقیدی پۆلیس کەمتر نەبێ.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی(١٩٩٣)هەموار دەکرێ و، بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

١ـ بەڕێوەبەرێتیی گشتی پۆلیسی هاتوچۆ، بۆ ئەو بەڕێوەبەرێتییە گشتیانە زیاد دەکرێ کە لە ماددەی چوارەمی یاسای ژمارە(٩)ی ساڵی(١٩٩٣)ی وەزارەتی ناوخۆدا ناویان هاتووە، دەبێ بە بڕگەی(٧)ی ماددەکەی سەرەوە.
٢ـ بەڕێوەبەرییەکانی پۆلیسی هاتوچۆی پارێزگاکان بەخۆیان و هەموو پێکهاتەکانیانەوە، لە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پۆلیس دەکرێنەوەو بە بەڕێوەبەرێتیی گشتیی پۆلیسی هاتوچۆوە دەبەسترێن.

**ماددەی سێیەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**.ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە(وەقایعی کوردستان)دا، دەخرێتە بەرکار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**